www.kurdistannet.org
7-7-2006 18:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قەڵەمە سەرخۆشەکان ... ئاڤێستا بەرهەم

لەجیهانی ئەمڕۆداو لەبازاڕی کوردوستانی خومان هەر لەکۆنەوە خەڵکی مەست خۆر بوەو بەردەوامەو کەمەستی دەیان گرێ دەچنە جیهانێکی وون و دەبنە ئەکتەری کاری شانۆی خەیاڵی خۆیان و قسەو باس و بڕیاری سەیر دەکەن کە بەکوردی بەقساکانیان دەگوتری هوڕینە! کەوەک کۆمپیوتەرێکی ڤایرۆس لێدراوی لێدێت و فایلەو ئیعازەکانی تێک و پێک دەچن، بەڵام قەڵەم چەکی شارستانیەت و زانست و ئالەتی پیرۆز لەناو هەموو ئاینەکان و گەلەکاندا زەمانێکی زۆر پارێزراو بوو و بەئەمانەت شتەکانی دەگواستەوەو دەقاودەق و زور بەپاکی و دور لە دەستکاری نادروست، بەڵام لەوەتەی ورچە سورەکان فێری دیموکراسی بوونەو تووتی یە گێلەکان لەکۆلێجی بەرەڵایێ دەرچونە قەڵەمیش ڕوخساری گۆڕاوە و ناهەقیشی نی یە!! ئەوانە کوردی گۆتەنی بەدەردی بەستەزمانێ لای یەکتری بوونە بۆیە خەسرەت گرتی یەکتری بوونە! بەڵێ قەڵەمیش سەرخۆش بوو.. شەلم کوێرم هیچ نابینم.. ناتناسم.. ناپارێزم دەنووسم!

بەنیازی ئەوەی گۆڕەپانێکی ئازادو سیاسەتێکی سەرکەوت و بازاڕێکی سەردەم و شارێکی مۆدێرن و ڕۆژنامەگەری ئازاد، هەندێکگ قەڵەم بەداخەوە.. زۆر بەسەرخۆشی دەنوسن و تەعبیرو مغزای نوسینەکانیش تەنها تەعبیر لەگۆڕەپانی دڵ و دەرونی خاوەنەکانیان دەکاتەوەو لەو جیهانە خەوالوەی تێی دادەژیین لەئەسپی بەباڵ و پەپولەی شێت و هەوری چڵکن و دەریای ئەفسوناوی.. دەڤەرەکەمان بشێوێنن و ئابڕووی بەرن.. مێشەکانیس گوفەکەکان لەشێوەی وورچ و گاجوت بەخەڵکی نیشان بدەن!!

ڕۆژێ سۆران کانگای نێربازی یەو ڕۆژێ سۆران سەرچاوەی ماددەی بێهۆشکەرەکانەو ڕۆژێ سۆران وای تێدا ڕوویدا، جا ناوە ناوەش، پۆزش و ڕوون کردنەوە دەبێتە کۆتایی سەرخۆشی یەکە، وایان لەخەڵکیان کردووە کەناوی سۆرانیان گوێ لێ دەبێت باسی جەهننەمە، لەلایەکی ترەوە کەقەڵەم سەرخۆش بوو وەک خاوەنەکەی خۆی بەڕینگۆی فلیمەکان دەزانێ و لەناو پەریەکانی بەهەشتی خەیاڵ دەست لەملیان دەبێ و خۆی بەرَێگا نیشان دەرو پێشەنگی کاروانی ڕۆشەنبیری دەزانێ، بۆیە دەبینین کەچ مەینەتی یەک بەسەر لاوان دادێنن. بەرهەمی قەڵەمە سەرخۆشەکان سیکۆتین خواردن و دیکسۆن ڤالیۆم و... هتد بڵاو کردنەوەی بەد خویی و بوونە پاڵەوانی سەرلاشەی لەش فرۆشەکان، پاککردنەوەی ژینگەی بوتڵ و قوتی و بیرەی فڕێدراوی سەرشەقامەکان و باسی قەرز خواردن هەرمەکە!! کوردستان و ڕازاندنەوەی خیانەتی هاوسەری و قوتابی فاشل و مامۆستای بێزارو میللەتی سێەرگەردان و گەنجی بەش خوراوو ئافرەت و ژن و کچیش کەجواتن دەبێت هەرکەسێ قەفەزێکی بەدەستە وەک بولبول ڕاوی بکات ناشیرین دەبن کەس ئاوڕی داوێن پیسی نەبێت لێ ناداتەوە!!!
قەڵەمە سەرخۆشەکان.. زوو.. زوو.. لەوەڕی یەکێک دەخۆنەوە لەبازاڕَی ڕەش ئەویش دەڕشێننەوە، پەیامنێرێکی دەست لەپشت دراو بۆ پازدە هەزاری برێمەر سەرخۆش دەکرێ نوسەرێکی هەرەزەکار بۆپاداشتێک چەند جار سەرگەردان دەبێ بەڵام ناهەقی نی یە قەڵەمی بەستەزمان لەوەتەی بەخوێنی شەهیدان و فرمێسکی منداڵە بێ بەشکراوەکان و زوخاوی جەرگی دایکانی ئەنفال نانوسێ مەجبورە بەمەی بنوسێ و زۆریش بخواتەوە و زۆر بنوسێ چونکە تا ئیسپات بکات کورد گۆتەنی (کەر بەجۆی بمرێ شەهیدە)

aivaysti_2006@yahoo. com 0!!!